هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٨٨) لە ٢٠٢١/١/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠، و بڕگەی (٥) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٠) لە ٢٠٢١/١/١٣، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٥) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٣، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری) و (پلاندانان) و (سامانە سروشتییەکان) بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی پڕۆژە یاسای پڕۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢١ بە سەرجەم بڕگە یاساییەکان و خشتەی ژمارەی خەمڵێنراوی داهات و خەرجی و کورتهێنان بەپێی ئەو ڕۆژژمێری بودجەیەی لەلایەن بەڕێز وەزیری پلاندانانەوە پێشکەش کرا.

٢. ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ هەماهەنگیکردن تاکو لە نزیکترین دەرفەتدا، پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکرێت و دواتر بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران